راگەیەندراو

خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران!

لە کاتێکدا کە ئاسۆی سەرکەوتن و سەربەستی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەمرۆکە روناکییەکی هیوابەخشی پێوەدیارە و ئەستێرەی بەختی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان رووی لە کووژانەوە و کزی ناوە، نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دۆخێکی نەخوازراو و دوژمن پەسەنددا بەرەوروو بوونە کە بۆتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکی کورد سەبارەت بە چارەنووسی حیزب و خەباتەکەیان. وەك لە راگەیەندراوی پێشوودا باسمان کرد، کێشەو و ململانێی نامەعریفی و ناپیرۆزی نێوان باڵەکانی حیزبی دێمۆکرات ئاکامێکی هەرە خراپ و تاڵی لێکەوتەوە کە ئەویش کەرت بوونی حیزب و جیایی بوو. لە هیچ کەس شاراوە نیە کە لەت بوونی حیزبێکی مەزن و خۆشەویستی وەك حیزبی دیمۆکرات چ خەسارێکی گەورەیە بۆ کورد و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی لە رۆژهەلاتی کوردستان. بۆیە ئێمەش وەك رەوتی رێفۆرمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەوپەری نارەزایەتی خۆمان بەرانبەر بەو رووداوە ناخۆشە دەربڕی و دیسان جەختی لە سەر دەکەینەوە کە ئەو لەتبوونە جەرگی هەموو کوردێکی دڵسۆزی بریندار کردوە و بەشێك لە خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی حیزبی بێزار و دڵسارد کردوتەوە. بەڵام ئەمە رێگای خەباتە و هەوراز و نشێوی تێدایە، مرۆڤی بە باوەر و خۆراگری دەوی کە هەوراز ماندووی نەکات و نشێویش نەیترسێنی. بە تایبەت کە لە خەباتی شۆرشگێریدا بە ورەبوون و بەرخۆدان رەمزی سەرکەوتن و سەرفەرازییە. شۆرشگێر ئەو مرۆڤە وریا و شێلگیرەیە کە ئازایانە باری نالەباری ئێستا رەت دەکاتەوە و لە خۆبردووانە دێتە گۆرەپانی شۆڕشەوە. ئەو مرۆڤە هوشیارە باش دەزانی کە رەوتی شۆڕش تەنگ و چەڵەمەی تێدایە و رۆژی خۆش و ناخۆشی هەیە، بەڵام لە یەك شت دڵنیایە، کە ئەویش سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە. شۆرشگێری راستە قینە نە بە سەرکەوتن لە خۆبایی دەبێت و نە ل رۆژی شکستدا ئەژنۆی شل دەبێت و کۆڵ دەدات. بۆیە لەت بوون و خەسارێکی لەو چەشنەش کە لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا روویدا نابی شۆرشگێرانی دیمۆکرات ناهومێد و تووشی خەم ساردیان بکات، لەت بوون دەتوانی رووانێکی تازەی لێبکەوێتەوە، رووانێك کە گەشە و هەڵدانی پێوە دیار بێت، بەڵام مەرجی رووانەوەی پاش جیابوونەوە هەبوونی خۆڕاگری و ویستی گۆڕان و نوێبوونەوەیە، هەبوونی ئەو ئیرادە بە هێزەیە کە دەیەوی لە سەر هەردی سووتاو مەزرایەکی شین چی بکات و لە سەر وێرانە بناغەی کۆشك دابنی. بۆیە ئێمەش لەگەڵ دەڕبرینی نارەزایەتیی خۆمان لەو بارووداوخە ناخۆشەی ئێستای حیزب، ئەوەش رادەگەیەنین کە قەت واز لە خەبات ناهێنین و درێژە بە حیزبایەتیمان دەدەین. لەگەڵ ئەوەی کە رێز بۆ خەباتی هەموو تاکێکی سەربەخۆ دادەنین بەڵام پێمان وایە حیزب ئەو دیاردە مۆدێرنەیە کە دەتوانی هیزە خەباتگێڕ و هاوبیرەکان رێك بخات ومۆبیلیزەیان بکات.

ئازیزان!

لە ماوەی نێوان پێش پلینۆنۆمی 5ی پاش کۆنگرەی سێزدەی حیزب تا 1385/9/15 کە بە داخەوە راگەیەندراوی جیابوونەوەی باڵی کەمینەی حیزب بڵاو بووەوە، رەوتی رێفۆرمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران توانی لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی خۆی، سیاسەتی بێلایەنیەکی چالاك بگرێتە بەر و سەرەرای زەختێك کە خرابووە سەری، تێکەڵ بەو دەستەبەندیانەی نێو حیزب نەبێت، بەڵام پاش لەت بوونی حیزب و بڵاو بوونەوەی راگەیەندراوی جیابوونەوەی لایەنەکان، کەوتینە بەردەم دۆخێکی تازە و نەخوازراوەوە کە دەبوو یا پاڵ بە یەکێك لەو لایەنانەی حیزبەوە بدین کە ئێستا دوو حیزبی جیاواز بوون یان رێگایەکی دیکە بگرینە بەر و واز لە حیزبی دیمۆکرات بێنین. پاش شرۆڤە و تاوتوی کردنی

ڕێگاکانی بەردەممان بەو ئاکامە گەیشتین کە واز لە حیزبی دیمۆکرات نەهێنین و دیسان لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا درێژە بە خەبات بدەین، بەڵام حیزبی دیمۆکرات لەت ببوو و ئێمە دەبا یەکیانمان هەڵبژاردبا، ئەمەش لە خۆیدا دووڕێیانێکی دژوار بوو، بۆیە بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە میکانیزمێکی سی بەشیمان پەسەند کرد کە بریتی بوون لە:

1- لێکدانەوەی کردەوە و هەڵوێستەکانی هەر دوو لایەن و لۆژیکی زاڵ بەسەر بۆچوونەکانیاندا.

2- گەڵاڵە کردنی کۆمەڵێك میکانیزم و پێشنیاری چاکسازی بۆ پێشکەش کردن بە لایەنەکان و شرۆڤەی وڵامەکانیان. (دەقی پێشنیارەکان لە کۆتایی راگەیەندراوەکەدا هاتووە) .

3- سەردانی هەردوو لایەن و دیالۆگ لەگەڵیان.

بۆ ئەو مەبەستە رۆژی هەینی 1385/9/17 سەردانی هەردووك بەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و کاك مستەفا هیجری مان کرد و گەڵاڵە پێشنیارییەکەمان پێشکەش کردن، لە ئاکامی ئەو دانیشتنانەدا، پاش تاوتوی کردنی وڵامەکانی هەردوولا، لە سەر بنەمای بوونی کۆمەڵێك پرەنسیپی وەك قبول کردنی بیروبۆچوونی بە تاك وبە کۆمەڵی جیاواز، خوێندنەوەیەکی نوی و سەردەمیانە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی رادەربڕین، گرینگیدانێکی زۆرتر بە بیری نەتەوەیی و پێویستی چاکسازی لە حیزبدا، بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەگەری پێکهاتنمان لەگەڵ باڵی کەمینەی کومیتەی ناوەندی پێشووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران واتە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ ئێران زیاترە و تێگەیشتنێکی زۆرترمان لێك هەیە. بۆیە رۆژی شەممە 1385/9/18 بڕیاری یەکلایی کەرەوەی خۆمان سەبارەت بە درێژەدانی خەبات لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ ئێران دا و بە کردەوە چووینە ریزی ئەندامانی ئەو حیزبەوە. دیارە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك بە واتای دژایەتیمان لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزبدا نیە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەیکە بۆچوونەکانمان لەسەر کۆمەلێك بابەتی سیاسی و رێکخراوەیی جیاواز بوون، بەڵام ئێمە رێز لەو جیاوازییە و خەباتی ئەو هاورێیانە و هەموو تێکۆشەرێکی کورد دەگرین.

سەرکەوی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد

سڵاو لە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

بژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ئێران

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کورد بە تایبەت قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی

رەوتی رێفۆرمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان_ ئێران

2006/12/9

کۆمەڵە پێشنیاری رەوتی رێفۆرمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ چاکسازی و گۆڕان لە حیزب دا

ئا: بەشی پێکهاتەیی

1 – جیاکردنەوەی دوو بەشی سیاسی و نیزامی

بە پێی سرووشتی کار و گیانی زاڵ بە سەر ئەو دوو بەشەدا کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنی ئەو دوو بەشە لە ئۆرگانێك دا و لە ژێر ناوی سیاسی _ نیزامی دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوڕێکی و لاوازیی پراکتیکی لە هەر دووکیان دا.

بەشی نیزامی بۆ پاراستنی هاوڕێکیی رێکخراوەیی خۆی پێویستی بە سانترالیزمێکی بەهێزە، لە کاتێك دا کە بەشی سیاسی بۆ زیندوویی و چالاکبوون دەبێ سیستمێکی دیسانترالەی بە سەردا زاڵ بێت.

ئەگەر بکرێ بەشی نیزامی دەبێ لە سنوورەکان نزیك بکرێتەوە، یان لانیکەم شوێنی مانەوەی ئەو دوو بەشە لێك جیا بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێ بەشی نیزامی لە چوارچێوەی ئەرتەشێکی حیرفەیدا رێك بخرێ.
بۆ ئەوەی کە هەر دوو بەش لە بەڕێوەبەری و داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزبدا رۆڵ و کاریگەرییان هەبێت پێویستە کە پێکهاتەی رێبەرایەتی لە هەر دوو بەشەکە بێت. بە چەشنێك کە سێ لە سەر چواری ئەندامانی رێبەری لە بەشی سیاسی بن.
2- دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی فیدراڵیزمێکی نێورێکخراوەیی
بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنانی سیستمی تۆڕی (شبکەی) ، واتە دانی سەڵاحییەتی بڕیاردانی سەربەخۆ بە ئۆرگان و کومیتەکان (جگە لەو بڕیارە ستراتژیکانەی کە پێوەندییان بە سیاسەتە گشتییەکانی حیزبەوە هەیە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کومیتە ناوەندیدان) دەبێ رەچاو بکرێ و ئەندامانی کومیتە ناوەندی بە ئەرکی ئیداری و خزمەتگوزارییەوە خەریك نەکرێن.
3 – کەمکرەنگ کردنەوەی سیستمی کەمپی
کۆکردنەوەی نەفەراتی زۆر لە کەمپەکان دا هەم کارایی دێنێتە خوارەوە و هەم تێچوو دەباتە سەرێ.
لە باردوخۆی خەباتی ئێستای ئێمەدا پێویستە کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو بۆ راپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان تەنیا بە قەدەر پێویست لە کەمپەکان دا کۆ بکرێنەوە و لە باری مادییەوە بە تەواوی دابین بکرێن تا بتوانن بە بێ کەڵکەڵەی ماددی فریای کاری سیاسی و هزری بکەون. دەنا ئەوانی دیکە بە و تایبەت ئەو کەسانەی پسپۆڕییەکی ئەوتۆیان نیە پێویستە بۆ دوو مەبەستی دیکە ئەرکیان بۆ دیاری بکرێ.
یەکەم: ئەو بەشەی کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی کوردستان بۆ کاری رێکخستن پەروەردە بکرێن و بنێردرێنەوە.
دووهەم: ئەو کەسانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە ناوخۆ، بە مەبەستی پێکهێنانی لابی یا بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکرێن یان لە باشووری کوردستان بۆ وەدەستهێنانی کار، ئاسانکاریان بۆ بکرێ، بەڵام بەو مەرجەی کە وەك ئەندامی حیزب بمێننەوە و مانگانە یان ساڵانە بەشێکی دیاریکراو لە داهاتیان بۆ حیزب بگەڕێننەوە.
4 – دانانی راوێژکار بۆ دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتی
بە پێی ئەوەی کە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی حەوتووانەیە و بڕیارەکانی پێویستی بە لێکدانەوەیەکی ورد و خێرایە دەبێ بۆ هەر کام لە بوارەکانی سیاسی، نیزامی، ئەمنییەتی، پڕوپاگەندە، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... راوێژکاری پسپۆڕی خۆی هەبێ کە بەپێی بابەتی باسی کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی پسپۆڕانی تایبەت بەو بابەتە بتوانن بەشداری کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی بن.
سکرتێر وەك کەسایەتی یەکەمی حیزب بۆ لێکدانەوەی ورد و گرتنی هەڵوێستی دروست _ بە تایبەتی لە کاتە هەستیارەکان دا _ پێویستە لە هەرکام لەو بوارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا راوێژکاری تایبەتی خۆی هەبێ.
5- دیاریکردنی پێوەری زانستی بۆ بەربژێرانی رێبەرایەتی
بەمەبەستی هەڵبژاردنی رێبەرایەتییەکی شارەزا و لێهاتوو پێویستە پێوەرێك بۆ هەڵبژێرانی رێبەرایەتی دیاری بکرێ بێگومان ئەم پێوەرە دەبێ پێوەرێکی زانستی واتە رادەی توانایی هزری و لێهاتوویی سیاسی بێ. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کومیتەی ناوەندی لێژنەیەك لە کەسانی پسپۆڕ بۆ دیاریکردنی پێوەرەکان دەستنیشان بکات.

6 – بە هێزکردن و نوێکردنەوەی راگەیاندن لە هەموو بەشەکان دا
راگەیاندنێکی بەهێز و نوێ لە بارودۆخی ئەمڕۆی کورددا دەبێ خاوەنی سێ تایبەتمەندی سەرەکی بێ:
یەکەم: لە باری تەکنیکی و جوانکارییەوە بتوانێ سەرنجی زۆرینەی کۆمەڵگا بۆ لای خۆی راکێشێت
دووهەم: گیانێکی نەتەوەیی پێوەدیار بێ و بە دوور بێت لە هەر چەشنە دۆگماتیزمێکی حیزبی
سێهەم: بەرپرسان و کارگێڕانی بەدوور لە هەر تێبینییەکی تاکەکەسی، گرووپی و ناپسپۆرانە هەڵبژێردرێن (دیاری بکرێن) .
7 – وەرگرتنی ئەندام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و گرینگی دان بە کاری رێکخستن لەو بەشانەدا بە بێ دەستێوەردان لە کاروباری ئەو پارچانە و تەنیا بە مەبەستی بەهێزکردنی حیزب.
8 – پێکهێنانی هەندێك ناوەند و رێکخراوەی سیاسی پشتیوان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان دا بۆ راپەڕاندن و جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرك و سیاسەتانەی کە حیزب بە هەر هۆیەك راستەوخۆ توانای بە ئاکام گەیاندنیانی نیە.
9 – کۆکردنەوە و بایەخدان بە هەموو ئەو کەسانەی کە بە چەشنێك لە حیزب زیز بوونە یان دوور خراونەتەوە.
10 – پێکهێنانی لێژنەیەك لەو کادرە بە ساڵداچووانەی حیزب کە خاوەنی ئەزموونی بەڕێوەبەرین و بە هۆی تەمەنی زۆر بەرپرسیارەتییان نەماوە بە مەبەستی راوێژکاری و هەروەها دیاریکردنی میکانیزمێك کە بتوانن کاریگەر و چاوەدێر بن.
11 – پێکهێنانی لێژنەی راوێژکاری لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان دا
بۆ ئەوەی کە بڕیارەکانی رێبەرایەتی حیزب سەبارەت بە هەڵوێست گرتن و چالاکی لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان گونجاو لە گەڵ راستییەکاندا بێت،بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی بۆشایی بوونی راستەوخۆ لە نێوخۆی وڵات دا راوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی حیزبی و دەرەوەی حیزبی بکرێ.
12 – دانانی رێژەیەکی دیاریکراو بۆ ژنان لە رێبەرایەتیدا بە مەبەستی هەڵاواردنی پۆزەتیف
دیارە لێرەدا مەبەست لە "دیاریکردن" لە بەرچاوگرتنی لانیکەمێکە کە پێویستە ببێت دەنا ئەگەر رێژەی ژنانی لێهاتوو لە حیزب دا زۆر بوو ئەم رێژەیە دەتوانێ لەم لانیکەمە زیاتر بێ.
13 – دیاریکردنی میکانیزمێك بۆ ئەوەی پێکهاتەی رێبەری لە هەر دوو نەوەی گەنج و بەئەزموون هەڵبژێردرێت.
14 – گۆڕانکاری لە سیستمی رێکخستنی نهێنی دا
ئا: گرینگی دان بە کاری نیوە ئاشکرا لە چوارچێوەی کۆڕ و رێکخراوە مەدەنییەکان دا
ب: رێکخستنی بەشێك لە ئەندامانی نهێنی بە شێوەی پیشەیی (پێویستە بەشی رێکخستنی نهێنی حیزب لە هەر شارێك دا بەشێك لە ئەندامانی نهێنی حیزب لە باری ماددیەوە بە تەواوەتی دابین بکات کە بێ کەڵکەڵەی ماڵی کاتی خۆیان بۆ کاری حیزبی تەرخان بکەن، واتە کاری حیزبی ببێتە پیشەی سەرەکییان نەك پیشەیەکی لاوەکی. دیارە ئەو کەسانە بۆ داپۆشینی چالاکی حیزبی خۆیان دەبێ کارێکی لاوەکی و رواڵەتییان هەبێت.
ج: پەروەردەکردنی ئەندامانی نهێنی لە باری سیاسی، پرۆپاگەندە، ئەمنییەتی، چەکداری و تەکنیکی نوێی پێوەندی بە شێوازێکی نوێ و مۆدێرن، هەروەها تەیار کردنیان بە ئامێر و کەرەستەی نوێ و پێویست.
د: دانی دەسەڵات و بەرپرسایەتی بە ئەندامانی نهێنی و رێکخستنیان لە هەر شوێکنێك دا بە پێی گونجان و لە سەر تێبینی خۆیان.
س: دەستنیشان کردنی کەناڵێکی پێوەندیکردن بە شێوەی راستەوخۆ لە نێوان ئەندامان و حیزب دا.

15 – خوێندنەوەیەکی روون و سەردەمییانە لە دیمۆکراسی

دیمۆکراسی بەو شێوەیەی کە تا ئێستا لە پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبی ئێمەدا باسی لێوەکراوە خوێندنەوەیەکی تەواو کلاسیکە کە لە سەر بنەمای دەنگی زۆرینە راوەستاوە و دیکتاتۆڕی زۆرایەتی لێ دەکەوێتەوە. لە کاتێکدا کە لە دیمۆکراسی نوێ و مۆدێڕن کە بە دیمۆکراسی رێککەوتنانە (توافقی) دەناسرێ، زۆرینە هەموو دەسەڵاتی ناکەوێتە دەست و پاراستنی مافی کەمینە وەك بنەمایەك رەچاو دەکرێ.

لە سیستمێکی ئەوتۆدا هەموو بیر و رایەکی جیاواز چ لە چوارچێوەی تاك و چ لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بە فەرمی دەناسرێ و ماف و ئازادییەکانیان گەرەنتی دەکرێن.

16 – پێڕەوکردنی سیستمی فیدرالیزمی نێو رێکخراوەیی لە هەڵبژاردن دا

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەورەبوونەوەی کێشەکانی حیزب ئەو شێوە هەڵبژاردنەیە کە مافی هەر چەشنە بڕیارێکی یەك لایەنانە بە زۆرینە دەدا و رەوایی بە دەسەڵاتی بێ سنووری دەنگی زۆرینە دەدات. بە پێی ئەو سیستمە هەڵبژاردنەی کە ئێستا لە حیزبی ئێمەدا باوە زۆرینە بۆی هەیە هەموو ئەندامانی کۆنگرە و رێبەری لە باڵی خۆی هەڵبژێرێت و هەر چەشنە بڕیارێك بە سەر کەمینەدا بسەپێنێت. ئەگەر بە کردەوە لە کۆنگرەکانی حیزبدا بە دەگمەن شتی وا رووبدابێت هۆکارەکەی بۆ میکانیزمێکی نافەرمی دەگەڕێتەوە کە نەیویستووە حیزب تووشی کێشە و ئاڵۆزی ببێت، دەنا پێڕەو و پڕۆگرامی حیزب رێگای هەر چەشنە بڕیارێك بە زۆرینە دەدات و هەروەها سیستمی هەڵبژاردنی ئۆرگانی کە لە ماوەی چەند کۆنگرەی رابردوودا لە حیزبدا بەڕێوەچووە خەسارێکی زۆری لە شایستە سالاری و پسپۆڕگەرایی لە نێوحیزبدا داوە. بەمشێوەیە کە بەرپرسی ئۆرگانەکان یان بەرپرسی ئۆرگانی سیاسی _ نیزامی کە لە بواری رێکخستن دا ئۆرگانی دایکە، لە وەرگرتن و دابەشکردنی نەفەرات لە ئۆرگانەکان دا، بەرژەوەندی باڵ و لایەن لە سەرووی بەژەوەندی حیزب و شایستە سالارییەوە دادەنێن. واتە تێبینیان لە وەرگرتنی نەفەردا خودی و ناخودی بوونە نەك شارەزایی و ناشارەزایی، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە سیستمی هەڵبژاردن بگۆڕدرێ بۆ شێوەیەکی فێدرالی (رێژەیی و گشتی) . مەبەست ئەوەیە ئەو گرووپ و لایەنانەی کە بوونیان لە حیزب دا بە فەرمی ناسراوە بە پێی رێژەی ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردن دا هێناویانەتەوە بتوانن نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرە و دواتریش بۆ رێبەراتی هەڵبژێرن. (دیارە ئەمە وەك ئامازەمان پێکرد پێویستی بە مەرجێکی سەرەکی هەیە کە ئەویش پێناسەکردنی لایەن و گرووپەکان بە بیر و پڕۆگرام لە لایەن خۆیانەوە و بە فەرمی ناسینیان لە پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبدایە) هەڵبژاردنەکەش پێویستە لە شێوازی ئۆرگانی بێتە دەر و کۆنفڕانسەکانی کادر و پێشمەرگە لە ئاستی گشتی و سەرتاسەری حیزب دا بەڕێوە بچن.

17 – بە فەرمی ناسینی رێفراندۆم

رێفراندۆم (راپرسی) میکانیزمێکە بۆ دەربازکردنی سیستمی سیاسی لە کاتی قەیران دا.

هەرکات کە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری لە سەر کێشە یان بابەتێك دەستەوەستان و تووشی ناکۆکی و چەند دەنگی بن و بڕیاریان بۆ نەدرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان پەنا بۆ دەنگی خەڵك (رێفراندۆم) دەبەن. بەڵام بەداخەوە ئەم مێکانیزمە دیمۆکراتیکە لە پێڕەو و پڕۆگرامی ئێمەدا دانی پێدا نەنراوە. لە کاتێکدا کە لە زۆر قۆناغی قەیراناوی وەك ئەم قۆناغە دواییەی حیزب کە لەتبوون و پارچە پارچەبوونی لێ کەوتەوە، دەیتوانی یەکێك لە باشترین مێکانیزمەکان بێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ب: بەشی سیاسی و دیپلۆماسی

1 – راڤە و شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی فێدرالیزمی جوگرافیایی و نەتەوەیی لە سەر بنەمای مێژوویی و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و ئێران.

پێش هەموو شتێك بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم خاڵە پێویستە چوارچێوە و سنووری جوگرافیایی رۆژهەڵاتی کوردستان بە وردی دیاری بکرێت.

2 – پێویستی زاڵبوونی گوتاری حیزب بە سەر پرۆسەی سیاسی کوردستان دا لە رێگای خوێندنەوەی تایبەتی حیزب بۆ کێشە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و جیهان و هەروەها هەندێك چەمکی وەك ناسیۆنالیزم و دێمۆکراسی.

3 – خوێندنەوەی وردی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمرۆی کوردستان بە مەبەستی پلان دانان بۆ شێوە خەباتی جەماوەری و مەدەنی.

4 – گۆڕینی شێوازی خەبات

بە پێی ئەوەی کە هەنووکە سیستمی خەباتی حیزب هەمان سیستمی خەبات لە شاخ و دەیەی شەستەکانە وڵامدەری بارودۆخی خەبات لە ئێستای کوردستان دا نیە، پێشتر هێزی سەرەکی شۆڕش خەڵکی گوند و دەوروبەری شارەکان بوون کەچی ئێستا دانیشتووانی شارەکان و بە تایبەتی توێژی خوێندەوار و رووناکبیری کۆمەڵگا هێزی سەرەکی شۆڕشن. بۆیە لە شێوازی خەباتی ئێستامان دا پێویستە گرینگی و قورساییەکی زیاتر بە شارەکان بدرێن. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە شەڕی چەکداری لە کوردستانەوە بۆ هەموو بەشەکانی ئێران پەرە پێ بدرێ بۆ ئەوەی کە تەنیا کوردستان زەرەرمەندی ئەو شەڕە داسەپاوە نەبێت.

5 – دامەزراندنی پێوەندی و نزیکبوونەوە لە زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان (بە تایبەت ئەمریکا و بریتانیا و ئیسرائیل) بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دیموکرات.

6 – گۆڕینی ئامانجی دوارۆژ

تا ئێستاش سوسیالیزمی دیمۆکراتێك وەك ئامانجی دوارۆژ لە پێڕەو و پرۆگرامی حیزب دا ماوەتەوە، لە کاتێك دا کە هەلومەرجی ناوەکی و دەرەکی بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە لە گۆڕاندایە. بێگومان سوسیالیزمی دێمۆکراتیك لە سەردەمێك دا کە رێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی شەهید هێنایە ئاراوە، یەکێك لە گونجاوترین بیرۆکەکانی ئەو کات بوو کە دەیتوانی لە هەژمۆنی بیرۆکەی سوسیالیزمی ئارایی (موجود) کەم بکاتەوە.

بەڵام ئێستا و پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت و هەرەستهێنانی جیهانی دوو جەمسەری لە کاتێك دا کە لە ئاستی جیهانیدا سوسیالیزم جێگە و پێگەی خۆی دۆڕاندووە و سەرمایەداری و لیبرالیزم هەژموونی خۆیان بە سەر سیستمی ئابووری و هزریی ئەمرۆی جیهان دا سەپاندووە و لە ئاستی نێوخۆیی کوردستانیشدا نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم بۆتە گوتاری زاڵی کومەڵگا، بیرۆکەی سوسیالیزمی دیمۆکراتێك چیدیکە وڵامدەری خەباتی ئەم سەردەمەمان نیە. بۆیە پێویستە بیر لە بیرۆکەیەکی دیکەی وەك ناسیۆنالیزمی دێمۆکراتێك یان پێکهێنانی دەوڵەتێکی دێمۆکراتێکی کوردی وەك ئامانجی دوارۆژ بکرێتەوە.

لەم پێناوەدا پێویستە دیپلۆماسی و گوتاری حیزبی لە ژێر هەژمونی چەپ و ئاخێوی سوسیالیستی بێتەدەر، واتە گوتاری حیزبی ببێتە گوتارێکی نەتەوەیی و دیپلۆماسیش لە پێناو بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کورددا بکرێت.

7 – خوێندنەوەی روون و سەردەمییانە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی

وەك لە خاڵەکانی پێشوودا باسمان کرد گوتاری نەتەوەیی بۆتە گوتاری زاڵی رووناکبیری لە کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردستان دا بۆیە پێویستە حیزبی دێمۆکرات وەك ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەیەکی ڕوون و سەردەمییانەی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی هەبێت و بوارەکانی گەشە و پەرەئەستاندنی خۆش بکات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە چەند تێبینییەکی گرینگ لە بەرچاو بگیردرێ:

ئا: دوورکەوتنەوە لە ئێرانچێتی و ناوچەگەری و خەستکردنەوەی بیری نەتەوەیی

ب: شرۆڤەی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و چەمکی نەتەوەی کورد

ج: هێرش بۆ سەر بنەما هزرییەکانی شۆڤینیزمی فارس و تابۆی سەروەری و پیرۆزیی ئێران

د: هێنانە بەرباسی ڕاشکاوانە و پلانمەندی دەوڵەتی کوردی

8 – نزیك بوونەوە لە هێزە کوردییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و هاریکاریکردن لەگەڵیان، هەم وەك پێوەندی نێوان دوو حیزب و هەم لە ڕێگای پێکهێنانی هاوپەیمانی یا بەرەیەکی کوردستانییەوە.

9 – پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێزی کوردستانی لەگەلڕ هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

10 – دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئێستراتیژێك بە مەبەستی شرۆڤەی زانستییانەی کێشە سیاسییەکان و ڕێنوێنیی ڕێبەرایەتی حیزب.

11 – لێکدانەوەی کێشە سیاسیەکان بە دوور لە دۆگماتیزم و ئایدیۆلۆژیای تەسکی حیزبی.

12 – واقعبینی هەموو جارێك نەبێتە کۆسپ بۆ لێکدانەوەی ئازایانەی ڕووداوەکان و داهێنان

مرۆڤی شۆڕشگێڕ سیاسەت لە پێناو شۆڕشدا دەکات نەك شۆڕش لە پێناو سیاسەتدا، واتە شۆڕشگێڕ ئەو مرۆڤە گۆڕانخوازەیە کە واقعی ئێستا و بارودۆخی ئارایی قبوولڕ ناکات و بەرهەڵستی دەبێتەوە و هەولڕ دەدات واقعی ئێستا بە ئاراستەی ئیدەکەی دا بگۆڕێ.

کەوابوو شۆڕشگێڕ جیاوازە لەگەلڕ ئەو سیاسەتوانەی کە لە واقع و هەلومەرجی ئاراییدا گەمە دەکات. بە کورتی شۆڕشگێڕ لە پێناو ئامانجەکانی شۆڕشدا گەلێك جار دژ بە هەموو واقع و واقعبینییەك ڕادەوەستێ.

13 – وازهێنان لە سیاسەتی شەپۆل سواری

حیزبێکی شۆڕشگێڕی وەك حیزبی دیمۆکرات پێویستە لە ڕەوتی ڕووداو و کێشەکانی کوردستان دا ڕۆڵی پێشەنگ و داهێنەر ببینێت نەك شەپۆل سوار.

14 – پشت نەبەستنی تەنیا بە هێزی دەرەکی

بۆ هەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ کە بیهەوێت لە نێو هاوکێشە سیاسییەکاندا خاوەن سەنگ و قورسایی بێت پێویستە پێش ئەوەی کە پشت بە هەر هێزێکی دەرەکی ببەستی جێگە و پێگەی خۆی لە نێو خەڵکەکەیدا قاییم بکات و پێش لە هەموو شتێك پشت بە ئیرادەی نەتەوەکەی خۆی ببەستێت.

15 – پێوەندی کردن بە کەسایەتییە سەربەخۆکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان.

16 – هەبوونی پلاتفۆرمی کورتخایەن و درێژخایەن لە کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا و کەڵك وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ بۆ ئەم مەبەستە.

ج: بەشی پەروەردەیی

1 – گۆڕینی سیستمی پەروەردەی فێرگە بۆ شێوازێکی نوێ لە ڕێگەی گۆڕین و نوێکردنەوەی وانەکان لە بابەت و نێوەڕۆکدا و کەڵك وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بۆ مامۆستایەتی.

2 – گرینگیدان بە پەروەردەی سیاسی و هزری ئەندامان وبنەماڵەکانیان و پێگەیاندنیان بە تایبەت لە بواری نەتەوەییدا.

3 – دانانی بەرنامە بۆ کاتی بێکاری پێشمەرگەکان و سەرقاڵکردنیان بە سەرگەرمیی سالمی وەك خوێندن و وەرزش و...

4 – گرینگی دان بە خوێندنی پێشمەرگەکان و ئاسانکاری بۆ خوێندنیان لە قوتابخانە و زانکۆدا.

5 – پێکێهانی کۆڕ و سیمینار بۆ کەسانی شارەزا و پسپۆر لە نێو کەمپەکانی حیزب دا و بەشداریی رێبەرایەتی لەم کۆبوونەوانەدا و بەکار هێنانی تێبینی ئەو کەسانە بە پێی ئیمکان لە کاروباری حیزبیدا.

6 – خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کێشەی ژنان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن.

رەوتی رێفۆرمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
2006/12/8